# ئایا بە بەشداریکردن، لەدەسەڵات،سیستەمی سیاسی دەگۆڕێت ؟

•بەهرۆز جەعفەر

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە،پێویستمان بەڕوبەرێک لە تێگەیشتنە بۆ چەمک و فەلسەفەی (دەسەڵات ،سیستەمی سیاسی، گۆڕان. ( یەکەم: دەسەڵات ( power)

دەسەڵات لە چوارچێوەی سیاسیی و ئاینی و فەلسەفی و ئەکادیمی و سایکۆلۆجیا دا، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بۆنمونە: دەروونناسی وای دەبینێت مرۆڤ هەربۆخۆی کەسێتیەکی شەڕانگێزی هەیە،وەکو لە ئەزمونی) میلیگرام) دا هاتووە،کە حەز بەزاڵبون دەکات بەسەر ئەویتردا،چێژ لە دەسەڵات وەرئەگرێت . هەمیشە لای (وەرگر) ووشەی دەسەڵات و هێز،هەست و گوژمێکی خراپەکاریی و ناچارکردنی تیا هەیە .ئەگەر ئەرکی دەروونناسی ئەوەیە،لەڕەفتاری تاکەکان بکۆڵێتەوە،سیاسەتیش هەر ئەمەیە .بەڵام بەکۆمەڵێ چەمک و باکگراوەندی قووڵەوە،ناوکی سیاسەت بریتی یە لەدووشت : (دەسەڵات) و ( ململانێ –ێراع..(conflict–هەموو دیاردەکانی سروشت،هەموو زانستەکان،لەململانێیەکی هەست پێنەکراودان، لەڕووی پراکتیک و زمانیشەوە،(دەسەڵات و هێز) ئەوەندە لێک نزیکن جیاناکرێنەوە،تەنانەت لەزمانی ئینگلیزیدا بۆ هەردوکیان ووشەی (power) بەکاردێت .گەیشتن بە (هێز) یانی گەیشتن بە (دەسەڵات).یانی گەیشتن بە (سیاسەت)..چۆن دەگەین بەهێز ؟.چۆن دەسەڵات وەردەگرین ؟.

بۆیەکەمیان،دەکرێت،تاکەکەسێک،دامەزراوەیەک،دەوڵەتێک،بە (2)شێوە خۆی بەهێزبکات،یان خۆی خۆی بەهێز ئەکات،وەیاخود دەبێت لەگەڵ (بەهێز) ێکدا ڕێک بکەوێت. بەگشتی ڕێککەوتن لەگەڵ بەهێزێکدا،لەقوتابخانەی ڕیالیستی دا ،تەنها یەک قازانجی هەیە،ئەویش (دەتهێڵێتەوە)..واتا بۆ مەبەستی مانەوە دەوڵەت یان لایەنێکی لاواز لەگەڵ بەهێزێکدا ڕێک دەکەوێت،وەکو کوەیت و ئەردەن لەگەڵ ئەمریکا..ئەگەرچی ئەم جۆرە ڕێککەوتنە زیانەکانی زۆرترن،بەڵام مانەوەیەک مسۆگەردەکات. کەسێک نەشتەرگەرییەک دەکات،بۆچەندین شوێنی دیکەی باش نابێت،بەڵام ئەگەر نەشتەرگەرییەکە نەکات،دەمرێت..ئێمە لەمە زیاتر برۆین،دەچینە سەر دیدی تیۆرە کۆمەڵایەتییە کلاسیکی و هاوچەرخەکان بۆ دەسەڵات و،دوورمان ئەخاتەوە لەئامانجی نوسینەکە .

دووەم : سیستەمی سیاسیی. (political system)

سیستەمی سیاسیی: سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە.کەتیایدا ڕۆڵەکان دابەشکراون،بۆپاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵ لە ناوخۆ و دەرەوەدا .لەبەرئەوەی شارستانیەتەکان و کلتورەکان لەسەردەمی جیهانگیریی و

ئامرازەکانی مۆدێرنیتەدا بەریەک ئەکەون و پرسیار دێتە سەرکۆمەڵگە.هاوکات پرسیاریش دێتە سەر دەوڵەت،کە ئیدی (دەوڵەت–نەتەوە) لەماناکانی چوارسەد ساڵی پێشووی دائەماڵرێت .کەوابێت بەپێی (زەمەن وزەمین) نەبێت، ناتوانین پێناسەیەکی جێگریش بۆ سیستەمی سیاسیی بکەین .وەکو ڕەفتار سیستەمی سیاسیی کۆمەڵێک مامەڵەی بەیاسایی کراوە، بۆتاکەکانی ناو کۆمەڵ ..وەک پەیکەرو دامەزراوەو ڕێکخستنیش،سیستەمی سیاسیی ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ (3) دەسەڵاتی گەورە کەبەشداری لەدروستکردنی بڕیاردا ئەکەن .دەسەڵاتەکانی (جێبەجێکردن،یاسادانان ،داوەری..(

ئێمە ویستمان،بگەین بەوەی کە، سیستەمی سیاسیی هەرگیز بریتی نییە لە حکومەت و یەک دوو حزبی دەسەڵاتدار..بەڵکو سیستەمی سیاسیی و کۆمەڵگە دووشتی تەواو ڕاستەوانەن .ئەوەی لەناو ئەم کۆمەڵەدا بگوزەرێت بەشێکە لەسیستەمی سیاسیی وەکو }سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکە،حزبەسیاسییەکان ،ئۆپۆزسیۆن (ئەگەر هەبێت) ، میدیاکان بەهەموو ئامرازەکانیانەوە ،ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ،پیاوە ئاینییەکان )..هەمموو ئەمانە لقێکن لەسیستەمی سیاسی ولەو چوارچێوەدان کە بڕیاربو بگۆڕرێت !. .چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پێکەوە گرێدراویان هەیە .لاوازی هەریەکێکیان ،لاوازی سوڕی جوڵەیە لەناو سیستەمەکەدا،لاوازی هەمووشیان مت بون و مەرگی سیستەمەکەیە.

سێهەم : فەلسەفەی گۆڕان.

کەسێک،کێشی (140 کگم) ە .لەماوەی (90) ڕۆژدا،توانی کێشەکەی دابگرێت بۆ (80 کگم) .ئەمە گۆڕانێکی هەست پێکراوە لەکێش دا ؟.بەڵام چۆن ؟.یەکەم : بە بەرنامەیەکی دیاریکراو،ئەم گۆرانە ڕوویداوە. دووەم: بەگوێرەی لێکدانەوە تەندروستییەکان،کە ئایا ئەم گۆڕانە لەکێشدا،زیان بەهیچ ئەندامێکی جەستە ناگەیەنێت ؟.سەیرکە،لای مارکس تەواوی جەستەی کۆمەڵگە ئابورییە.ئابوریی دەتوانێت کۆمەڵ لەبارێکەوە بباتە بارێکی تر.بەڵام لای دۆرکهایم و ماکس ویبەر کۆمەڵگە وەک پەیکەری جەستەی ئەم مرۆڤە وایە،هەموو ئەندامەکانی پێویستن،نەک بەتەنها ئابوریی .ئازارێک لەبڕبڕەی پشتدا،لانی کەم دەبێتە هۆی ئەوەی بەئاسانی هەناسە نەدرێت،وەیارمەتی ڕێک ڕاوەستان نادات .بۆ کۆمەڵ و لقە جیاوازەکانی ناوسیستەمەکەش هەروا.. فەلسەفە،واتا حەزکردن بەدانایی،لەڕێگەی بیری قووڵ،گومان،پرسیار دروستکردن،ڕەخنەگرتن .کە بەپێچەوانەی ئاینەوە بەردەوام لەسێرچدایە،لەخاڵێکدا ناوەستێت..فەلسەفە لەیۆنانی کۆنەوە،ڕێگەیەکی دوورو درێژ،تەحەدایەکی زۆری کردووە،تا ئەمدواییە دەگاتە تیۆریی ڕەخنەگەرایی (نەزەریەی نەقدی) .تیایدا بەپێی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) و لە"دیالێکتیکی ڕۆشنگەری" دا.ئێمە هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەست نەماوە،ئەوە نەبێت بەردەوام ڕەخنە بگرین،وە خۆمان ڕادەستی شتەکان و دیاردەکانی دەوروبەر نەکەین" .گۆڕانیش یانی لەحاڵەتێکەوە بازبدەین بۆ حاڵەتێکی تر .بۆنمونە: ئەمانەوێ لەسیستەمی سیاسییدا،گۆڕان بکەین،کەواتە دەبێت لەبنەڕەتدا سیستەمێک هەبێت،تابیگۆڕین بە سیستەمێکی تر .ئێمە باس لەجۆرەکەی ناکەین کە کەس نازانێت چییە ،بەڵکو ئایا لەبنچینەدا ئەوەی لە کوردوستان هەیە سیستەمە ؟.یان دوو حزبن و هەندێ پارە لەبەغداوە

دێت،بەناڕێکی دابەشی ئەکەن و هیچی دی؟. بۆ ئەمە لەدیدی قانونی دەستوریی و قانونی سیاسییەوە، پێویستمان بەناسینی تایبەتمەندییەکانی سیستەمێکی سیاسییە:

یەکەم: سیستەمی سیاسیی خاوەنی باڵاترین دەسەڵاتە لەکۆمەڵدا،بەپێی دەستورو یاساو ڕێنمایی و بڕیارەکان ڕەنگ ڕێژ کراوە.. بەم پێیە کوردوستان دەستوری نییە !. 22 ساڵە دوو حزبی سیاسیی دەستورێکیان نەنوسیوەتەوە !.دەستور خەڵک و کۆمەڵ دەکاتە خاوەن ماف و ئەرک،مەهامە نیشتمانییەکانیش پیشانی وڵاتانی جیهان ئەدا.

دووەم : سیستەمی سیاسیی ئەوەیە، کاریگەریی دروست بکات لەسەر کۆمەڵ و سیستەمە فەرعیەکانی دی،بۆ نمونە: لەسەر سیستەمی کارەبا،خوێندن،ئاسایش،ئاو،تەندرووستی،کرێ،باج ..بۆ دوایی .دواجاریش کۆنترۆڵی ئەم سیستەمە فەرعیانە دەکات ،ریتمی پەیوەندیی و ڕایەڵەکانی نێوانیشیان دەست نیشان ئەکا.

سێهەم : سیستەمی سیاسیی ئەوەیە،کە ڕاستەوخۆ،کارلێک دەکات لەگەڵ سیستەمە ئابوریی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا ....(ئا ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە ..تا فەرهەنگ و کلتورو جۆری بیرکردنەوەکان نەگۆڕێن،چی دەگۆڕێت ؟.(.

ڕەنگە گۆڕان،گۆڕانێکی نێوخۆیی کۆمەڵگە بێت،لەخاڵێکدا وەرچەرخانێکی گەورە دروست بکات، وەک شۆڕشی فەڕەنسی (1789) .شۆڕشێکی پڕتوندوتیژیی و کوشتار،دوای زیاتر لە (20) ساڵ. بنی نایەوەو بەروبومی شۆڕشەکە،مێژووی جیهانی کرد بە دوولەتەوە،پێش شۆڕش و پاش شۆڕش...ڕەنگیشە گۆڕان تەنها بابەتێکی شکڵی بێت لەسیستەمەکەدا،وەکو شۆڕش/کودەتای (14ی تەمموزی 1958) سیستەمەکە لە پاشایەتیەوە بوو بە کۆماریی،بەڵام هەیکەلی ئیداریی و ئابوریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی هەروەک خۆی مایەوەلەعێراقدا .بگرە پێشووتر لەهەندێک ڕووەوە باشتر بوو .هەروەها دەکرێت گۆڕان لەڕێگەی هەندێ شتی پڕوپوچی وەک کاسێت و پارچە کاغەزی فڕێدراوەوە بێت،وەکو شۆڕشی ساڵی (1979) لەئێران.دواجارئەمە بە پارچە کاغەزو کاسێتیەکیش هەر لەناو ئەچێت.

چوارەم : بزوتنەوەی گۆڕان فیفتی بەفیفتی کرد بە ئەیتی بە توێنتی ؟.

وەک بەشێک لە (ی،ن،ک) لەساڵی (2009) چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و شەش ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە جیابونەوە،بەسەرکردایەتی نەوشیروان موستەفاو سەدان کادری دیکەی پێشوی یەکێتی،جاڕی بزوتنەوەی گۆڕان یان دا،بە (10) ملیۆن دۆلاری یەکێتی و (122) دۆنم زەوی موڵکی گشتی و بەکارهێنانی ئامێرەکانی پارێزگای سولەیمانی بۆ شوێن خۆ خۆشکردن،سود وەرگرتن لەچەندین کارگەو کارخانەی دی. توانیان بەخستنەگەڕی ماشێنێک لەمیدیای هێرشکەر، ببنە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکانی کە ساڵانێک لەشەقامدا،چاوەڕێی چرکەساتی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی یان بوو،تا ڕقی پەنگخواردووی خۆیان لەدژی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بڕێژن..ئەمجارە توانییان (25) کورسی مسۆگەر بکەن .دوای ئەوەی

ئەم هێزە نەیتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە،کە ئەوان گروپێکی بێ ئایدۆلۆژیان،بێ بەرنامەی نەتەوەیین ،بێ دونیابینییەکی تەواون .هەڵەو پەڵەکانی (17)ی شوباتیشی هاتە سەر .!. (63) ڕۆژ خۆپیشاندان ،بەرهەمەکەی تەنها ئەوەبوو هەندێ ڕۆشەنبیر و ڕۆژنامەوانی فەل و موزەیەف،چەند وێنەیەکیان گرت،هاتوهاوارێک و دوایی پێی چوونە پەرلەمانەوە ؟.

پرسیارەکە ئەوەیە،بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش،لەساڵی (2009) بۆچی بەشداری حکومەتیان نەکرد،کە کورسیەکانیان ئەو کات زیاتریش بوو ؟.بۆچی بەیاننامەی (7) خاڵیان بۆ هەڵوەشانەوەی حکومەت و پەرلەمان دەرکردو داوای حکومەتی تەکنۆکراتی بێلایەنیان کرد ؟ ئێستا دوای (4) ساڵ کە هەمان ڕێژەی کورسییان هەیە،چییان گۆڕیووە،وا دەچنە هەمان پەرلەمان وحکومەتەوە و دەیگۆڕن ؟. ئەبێت ئێمە حیسابی ڕەشەولاخمان بۆ کرابێت کە ئەم درۆ و کلاواتانەمان بۆ دەکەن ! ئەگەر پێشوتر قۆناغی (50 بە 50) بوو،ئێستا لەوەئەچێت ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان (80 بە 20) بێت ؟.چی ئەگۆڕن لەناو ئەم (3) دەسەڵاتەدا. گریمان من بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی پەرلەمانم،لەسەر لیستی پارتی ،ئەگەر ملکەچی فەرمانەکانی سەرۆکی پەرلەمان (لەپشکی گۆڕان) نەبم،چی ئەکا ؟.بەوەرگرتنی چەند وەزارەتێک کۆمەڵگەو ئابوریی و فەرهەنگ دەگۆڕێت ؟.زمانی ستانداردی کوردیی دروستە بێت ؟.ناوچەداگیرکراوەکان دێنەوە سەرکوردوستان ؟. مێژوویەکی هاوبەشیی یەکگرتوو دروستە بێت ؟. تاک و کۆمەڵ تەوزیف ئەکرێت لەچوارچێوەی ئەم سیستەمەدا ؟.یان لەبنەڕەتدا ئەمە هاتنەدی ڕاستیی قسەو هاوارەکانی ئێمەیە،کەلە (17)ی شوبات جیابوینەوە،بەخەڵکمان ووت: لەئایندەدا ئەم داخوازییانەی خەڵک ئەفرۆشن بەدەسەلات..جنێو نەما،،شوێن نەما،بەرنامەی تەلەفزیۆنیمان نەما مونتاژی نەکەن،تا تیرۆری کەسێتیمان بکەن..

ێنجەم : دەنگەکانی خەڵک

چوار ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات }یەک: میرات و بۆماوە لەباوکە بۆکوڕبۆ وەچەو براکان. دوو: دانان و دامەزراندن وەک دانانی سەرۆکێک ،سێ : ڕێگەی کودەتا یانی لەڕێگەی هێزەوە لایەنێک لایەنێکی دی لائەبات،چوار : هەڵبژاردن.}

هەڵبژاردن،جیا لەوەی باشترین بژاردەو سیمایەکی گرنگی دیموکراسییەتە، بەگشتی لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا،تەنها بۆ فریودانی خەڵکە،شتێکە باس ئەکرێت،بەس نابینرێت .ترسی گەورە لە هێزە ڕیفۆرمخوازەکانی ئەم ناوچەیە ئەوەیە،دواجار هەر دەبنەوە بەوەی پێش خۆیان .بۆ سەلماندنی ئەمەش لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین ،بێجگە لەئیسرائیل کە گۆڕانە ڕیشەییەکەی پێشوتر،لەفەرهەنگدا کردووە،ئەوسا دەستی بۆ ئامرازەکانی دیموکراسیی بردووە. باشترین وڵاتیان لەناوچەکەدا تورکیایە،هەرچەندە پشتگیریی ئەمریکاو مووشەکی دوورهاوێژدەکرێت و ئەندامی ناتۆیەو پێگەی ئابوریی وگەشتیاری گرنگی هەیە،لەبەرئەوەی کێڵگە کلتوریی و ئایدۆلۆجیەکەی نایواتێ .بولغاریا و کرواتیا لەمدواییە دەبنە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا، کەچی تورکیا هەرخەوی پێوە دەبینێت..!.

ديموكراسيەت، باشترين فۆرمە کەمرۆڤايەتی پێی گەيشتووە،لەمسەر بۆ ئەوسەری دونيا لەسەری ڕێككەوتون،كەسێكی وەک خاتەمی لەئێران دەڵێت: ئەگەر خۆمان فريو نەدەين لەديموكراسيی باشتر،شتێكی ديمان دەست ناكەویَ ". هەڵەدەكەين ڕاستەوخۆ كۆی ديموكراسييەت ببەستين بە هەڵبژاردنەوە،چونكە ئەگەر كێڵگەكانی ديموكراسيی لەڕێگەی سەنتەركردنی ئەقڵ و پيشەسازيی كردن لە مێژوو لە كلتورەوە،دانەمەزرابن .درۆ دەكەين باسی دەنگی خەڵک بكەين،لەكاتێكدا نە كۆمسيۆنی هەڵبژاردنی سەربەخۆ هەيە،نە دەزگای ئەمنی و داوەريی سەربەخۆ،نە ڕۆشنبير و بيركەرەوەی باش..ئەوەشی سەربار بێت كە بۆخۆی سيستەمی ديموكراسيی بێ عەيب و عار نييە،ئەگەر ديموكراسييەت ئەوەيە زۆرينەی خەڵک حوكم بكات،ئەمە قسەی قۆڕە،لەهيچ شوێنێكی دونيا زۆرينەی خەڵک حوكم ناكەن. بەڵكو ئامانجەكە ئەوەيە تۆ خاوەنی مليۆنێك دۆلار بيت !.نەک باوەشێک بەها و مۆراڵ.

شەشەم: گۆڕانێكی ڕيشەيی لەكۆمەڵی كورديدا چۆن دەكرێت ؟

تاكی كورديی،تائەم چركەيە گيرۆدەيە،بەدەست دوو تەڵەزگەی گەورەوە،يەكەم: تێنەگەيشتن لەئەرک و مافەكانی خۆی، دووەم: گرفتە غەريزييەكانی،لەغەريزەی سێكسەوە بۆ ئەوانی تر .ئەم تاكە ڕق و حەز دەكاتە تای تەرازوويەک،لەچركەساتەكانی يەكەم بينينی دا،هەست بەوە دەكەين لەناوەوەيدا كۆمەڵێک غەريزەی كەبتكراو هەيە،كۆمەڵگە ڕێی پێنەداوەو،ئەميش لە ئەقڵی باتندا هەڵيگرتووە.هەربۆخۆی بەشی هەرە زۆری خوێنەوارو قەڵەم بەدەستەكانی كورد ،بەشێكن لەو ماددە خاوە خێڵەكی و شارچێتيەی كەهەيە..توند دەستيان گرتووە بەو پەتانەی كە نايگۆڕێت.

لەبەرئەوە،يەكەم هەنگاوی گۆڕانێكی ڕيشەيی لەوێوە دەست پێدەكات،كەجڵەوی ئاڕاستەكردنی كۆمەڵگە،لەدەست ئەم جيلە نەخوێنەوارو ميديا ناكارە دەربهێنرێت ،ئەم جيلەی كەهەركەسێک و سايت و گۆڤارێكی بۆدانراوە،خراپتريان لەوجيلە كردووە كەشەڕی ناوخۆی كردووە لەسالانی ڕابردوو،خەڵک لێرە نابێتە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبير،تاكاری پيشەيی بكات،يان كۆمەڵگە بگۆڕێت،بەڵكو بۆ ڕيكلام و ڕاوە مامزو تالەپڕێكيشدا ببێت بەكانديدی پەرلەمان يان موديرعامێک !!.بۆ وێنەگرتن دێتە ناوئاپۆڕای خۆپيشاندانێكەوە ؟؟. قۆناغی دووەم : ئامادەكردنی پرۆژەيەكی نيشتمانی –كلتوريی..كەتوانای فەرزكردنی هەبێت،لەچوارچێوە كۆمەڵايەتيەكەدا .بەزانينی ئەوەی ،گۆڕانێكی ڕيشەيی بە بێ ئاگابوون لەوەی ئێستا لەم دونيايە چی دەگوزەرێت،لەم جوگرافيايەی دەوروبەرمان چەند دەستی چەپەڵ نان ئەخوات..حيساب بۆنەكردنی ،هەنگاونانە لەخەودا.

سەرئەنجام:

يەكەم : لەڕێگەی بەشداريكردن لەدەسەڵاتەوە،سيستەمی سياسيی ناگۆڕێت .هيچ نمونەيەكيش لەمێژووی گۆڕانی سيستەمە سياسييەكاندا، ئەوەمان پێ نيشان نادات .

دووەم : لەباشوری کوردوستان،ئەوە فێربوین ، کەلەڕێگەی هەڵبژاردنەوە،دیموکراسییەت نەک کامڵ نابێت،بەڵکو ئەتک ئەکرێت .لەڕێگەی تەزویرو پێکنەهێنانی حکومەت بۆ ساڵێک !.خروقاتەکانی بانگەشەو ...هتد ..ئەمە وێڕای ئەوەی ئێران دەتوانێت لەعێراق و هەرێمی کوردوستان هێزی ژمارە 3 بکات بە ژمارە 1،نیوەی شەو خەڵکی عێراق نوستون،ئەو دەستکاریی دەنگەکان و ئەنجامەکەشی ئەکا .!.کارگەشتۆتە ئەوەی کاندیدەکان بەدەنگی خەڵک،دەریش دەچن.حزبەکان و کۆمسیۆن دەستکاریی دەنگەکانیان بۆقازانجی کەس و خەڵکی تر دەکەن !.واتە ئەگەر کاندیدێک دەریش بچێت بەدەنگی خەڵک،لایەنەکە ئەتوانێت یەکێکی تورەهات بخاتە شوێنەکەی.!!

سێهەم : بزوتنەوەی گۆڕان و دەرکەوتنی چەندین کەسی وەئاگا لەچوارچێوەیدا ،تەنها کەفوکولێک بوو،هەنگاوێک بۆ پیًشەوە، دوان بۆ دواوە .لەتێگەیشتنی خەڵک . شێوازی دەنگدانی خەڵک بەکاندیدەکان و کەسەکان،ئەمە باش دەرئەخات .کە سەقافەتی خەڵک نەجوڵاوە .کەسێک لەناو ئەم هێزەدا (250000) دووسەدو پەنجا هەزار دەنگی هێناوە،لەدەرەوەی ئەم هێزە ڕەنگە بتوانێت (2500) دووهەزارو پێنج سەد دەنگ مسۆگەر بکات ؟.ئەمە چییە.!!

**بەهرۆز جەعفەر – قوبرس**

18/5/2014